گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/d1agv946

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 03/09/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 30/11/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# لێکدانەوەی فەلسەفیانە بۆ مێژو لای کەمال مەزهەر

**سەیران حسن قادر**[1] **قادر محمد محمد**[2]
sayran.131123001@uor.edu.krd qadir.muhammed@uor.edu.krd
بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئاشکرایە زۆرینەی مێژونوسان تا ئەندازەیەکی دیاریکراو لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕە فەلسەفییەکاندا لێکدانەوە و شیکاریان بۆ مێژو کردوە، کەمال مەزهەریش لەم شێوازە بەدەرنییە، وەکو مێژونوسێکی کورد هەوڵیداوە لە چوارچێوەی ئەو تیۆرییە فەلسەفیانەی بۆ مێژو کراوە، لە مێژوی کورد بکۆڵێتەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیوەندیدار بداتەوە، یەکێك لەوانە ئایا کەمال مەزهەر تا چ ڕادەیەك لە ژێر کاریگەری تیۆرییەکان لێکدانەوەی بۆ مێژو کردوە؟ ئایا ناوبراو کام لێکدانەوەی فەلسەفییانەی بۆ مێژوی کورد زیاتر بەکارهێناوە؟ ئەو توێژینەوەیە کاریگەری چەند تیۆرێک بەسەر کەمال مەزهەر لێکدەداتەوە، بەو پێیەی ئەوەی کەمال مەزهەر یەکێکە لەو خوێندکارە کوردانەی لە یەکێتی سۆڤیەت خوێندویەتی، شتێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویستە کە تاڕادەیەك لە چوارچێوەی تیۆری مارکسی یان ماددەگەرایی لێکدانەوەی بۆ ڕوداوە مێژوییەکانی گەلی کورد کردوە، تیۆرەیەکی دیکە بریتییە لە ئاین، ئاشکرایە میللەتی کورد میللەتێکی موسوڵمانە پابەندی ئاینی ئیسلامە و کاریگەری ئاین بەسەر کۆمەڵگای کوردییەوە قوڵ و چڕ و هەمەلایەنە دیارە، بۆیە کەمال مەزهەریش تاڕادەیەك هەوڵیداوە باسی کاریگەری ئاین لە ئاراستەکردنی مێژوی کورددا بکات، ئەمەش تا چ ڕاددەیەك لەم بوارەدا پێکاویەتی یاخود نا ئەمە بابەتێکی دیکەیە، جگەلەوە لە دیدی کەمال مەزهەردا کاتێك بارودۆخی سیاسی شرۆڤە دەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کورد باجی جوگرافیاکەی داوە، لەبەرئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی بەجۆرێکە زنجیرە شاخی زۆرە و بەڕوی دەریادا نەکراوەتەوە، سەبارەت بە تیۆری پاڵەوانیش لەبەرئەوەی کەمال مەزهەر چەپ بوە، لە دیدی مارکسیشدا تاك ڕۆڵی کاریگەر ناگێڕێت لە ڕوداوە مێژوییەکاندا بۆیە لە نوسینەکانیدا ئەو تیۆریە زۆر بەهەندوەرناگیرێت.

**کلیلە وشە:** کەمال مەزهەر، لێکدانەوەی مارکسی، لێکدانەوەی ئاین، لێکدانەوەی جوگرافیا، لێکدانەوەی پاڵەوان، لێکدانەوەی ڕەگەزپەرستی.

# Philosophical Interpretation of History in Kamal Mazhar's Thought

**[1]Sairan Hassan Qadir** **[2]Qadir Muhammed Muhammed**
[1+2]Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan region, Iraq

**Abstract:**

A great number of the historians to some extent, investigate the history according to philosophical theories, particularly the significant theories of philosophy of history. Kemal Mazhar is not exempted; as a Kurdish historian, has seriously tried to analyze Kurdish history under the influence of those philosophical theories. Therefore, this research attempts to answer these related questions: First; is he investigated the Kurdish history under the influence of philosophical principles ? Has he clearly applied any specific theory in his analysis of the Kurdish history? This research tries to investigate the impact of several theories on Kemal's researches. As Kemal Mazhar was one these Kurdish scholars who studied in the former USSR it is clear that his analysis of the history, was based on the Marxist theory. It is apparent that religion has great influence on the Kurdish society, and most of them are Muslim, therefore when he investigated Kurdish history he praised Islam, in directing Kurdish society. Especially in preparing elites and the Kurdish leaders. Besides that, he really believes the impact of geography on Kurdistan and its political issues. since it has a specific nature and climate. For example, Kurdistan hasn't direct access to the sea. This has influence on Kemal Mazhar's belief about the geopolitical's role on Kurdish political situation. Finally, the theory of heroism could be considered as a significant theory, however, from his perspective hero has not a great role in the history, for that reason this theory is not significant I in his researches.

Key Words: Kamal Mazar, Marxist Interpretation, Religious Interpretation, Geographical Interpretation, Heroic Interpretation, Racist Interpretation

## پێشەکی

توێژینەوە دەربارەی مێژونوسان بەکارێکی گرنگ و پێویست دادەنریت، لە وڵاتانی دونیا دەمێکە بایەخدان بە میتۆدۆلۆجیای مێژونوسان بۆتە باو، لەم چەند ساڵانەی دوایشدا خەریکە لە ناوکورددا ڕێچکەی خۆی دەگرێت. لە ڕاستیدا توێژینەوە لە پرسی هۆدۆزی لای مێژونوسی کورد کەمال مەزهەر ئەحمەد (١٩٣٧-٢٠٢١)، کە ناوبراو خاوەنی چەندان لێکۆڵینەوەی مێژوییە لە جۆری کتێب و وتار لەسەر مێژوی نوێ و هاوچەرخی کورد. بیروبۆچونەکانی ڕەچەشکێنە و ڕاڤە و شیتەڵکاری بۆ نوسینەکانی ناوبراو پێویستە.

**گرنگی توێژینەوە:** ئەو توێژینەوەیە، بۆیە گرنگە، چونکە باس لە لێکدانەوەی فەلسەفی دکتۆر کەمال مەزهەر بۆ مێژو دەکات، بەتایبەت ئایدیا و بیری ئەو لە بابەتی فەلسەفەی مێژو دەردەخات. بەوپێیەی کەمال مەزهەر یەکێکە لە

پێشەنگانی نوسینی مێژوی کورد، بۆ خوێنەر و توێژەران گرنگە بزانن لە ژێر چ بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیایەک مێژوی نوسیوەتەوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر لێکدانەوەی فەلسەفی کەمال مەزهەر بۆ مێژو تا ئێستا نەکراوە، کە بە ڕونی و بابەتیانە تێڕوانینی فەلسەفی ئەو بۆ مێژو هەڵسەنگێنێ، کە دەری بخات کەمال مەزهەر چۆن ڕوداوەکانی بۆ کام لەهۆکارەکان یان بابەتە فەلسەفییەکان گێڕاوەتەوە.

**کێشەی توێژینەوە:** سەبارەت بەم بابەتە چەندین پرسیار هەن پێویستیان بە وەڵامی زانستی هەیە، لە نمونەی ئایە کەمال مەزهەر تا چ ڕادەیەک لەژێر کاریگەری تیۆرییەکان لێکدانەوەی بۆ مێژو کردوە؟ ئایا ناوبراو کام تیۆریەی زۆر بەکارهێناوە لە لێکدانەوەی فەلسەفیانە بۆ مێژوی کورد؟ ئایە بیری چەپی کەمال مەزهەر تاچەند وایکردوە لە لێکدانەوەی مێژوی کورددا بکەوێتە هەڵە؟

**میتۆدی توێژینەوە:** هەوڵدراوە بەپێی سروشتی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پشت بە میتۆدێك ببەسترێت، کە لەگەڵی بگونجێت، لەو چوارچێوەیەشدا میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە، هەروەها میتۆدی وەسفیش بەشێوازی وەرگرتن و دواتر داڕشتنەوەی زانیاریەکان و دەقیش بەکارهاتوە، جگەلەوە میتۆدی ڕەخنەیش بەکارهاتوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** لەم توێژینەوەیەدا چەندان سەرچاوەی جۆربەجۆر بەکارهاتوە، بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە بەرهەمەکانی کەمال مەزهەر بەستراوە، سەرباری ئەوەش کتێبەکەی نەوشیروان مستەفا ئەمین بەناوی (کورد و عەجەم مێژوی سیاسی کوردەکانی ئێران)، بایەخێکی زۆری هەبو بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە لە ڕێگەی زانیارییەکانی ناوی توانیمان بەراوردی نوسینەکانی کەمال مەزهەر بکەین، سەبارەت بە کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر کورد، سەرباری ئەوانەش سودێکی زۆرمان لە نامەی دکتۆراکەی پەیوەند محەمەد حەمەد بەناوی (ڕەنگدانەوەی ماتریالیزمی مێژویی لەسەر مێژونوسیی کوردی) وەرگرتوە بۆ شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی وایان لە کەمال مەزهەر کرد بەشێوەیەکی بەرچاو بکەوێتە ژێر کاریگەری بیر مارکسی.

## دەروازە: لێکدانەوەی فەلسەفیانە بۆ مێژو لای کەمال مەزهەر

لێکدانەوەی فەلسەفیانە بۆ مێژو وەکو زاراوە بۆ یەکەم جار لەلایەن ڤۆڵتێر(١٦٩٤_١٧٧٨)ەوە بەکارهێنراوە، (النشار،٢٠١٧، ٣٩)، ڤۆڵتێر ئەم زاراوەی بەکارهێناوە تاوەکو مێژو لەو داستان و چیرۆکانەی، کە بونەتە هۆکاری ئەوەی لاپەڕەکانی مێژو پڕبێت لە ئەفسانە داماڵێت و ڕوداوەکان دوای لێکدانەوە و شرۆڤەکردن تۆماربکرێن، دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی بگوترێت، فەلسەفەی مێژو بریتییە لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ڕوداوەکان بە شێوازێکی فەلسەفیانە، کە تیایدا هۆکاری پشت ڕودانی ڕوداوەکان شی دەکاتەوە. ( ئەلمەلاح، ٢٠١١، ٥-٦؛ ڕەحمانیان، ٢٠١٦، ١٣)

شیاوی ئاماژەیە، فەیلەسوفانی مێژو بۆ شیکردنەوەی ڕوداوە مێژوییەکان بەدوای هۆکاری پشت ڕوداوەکاندا دەگەڕێن، (حوسێن، ٢٠١١، ١٣-١٤) هۆکارێك یاخود دو هۆکار دەکەنە پێوەر بۆ لێکدانەوەی هەمو ڕوداوەکانی جیهان، بەجۆرێك ئەوان بە شێوازێکی گشتگیر بڕیار لەسەر کۆی مێژو دەدەن، پابەندی کات و شوێن نابن، واتا ئەو هۆکارەی باوەڕیان پێیەتی بۆ هەمو شوێنێك و هەمو سەردەمێك بەڕاست دەزانن، بەڵام مێژونوس بۆ ڕوداوێك چەند هۆکارێك وەردەگرن، (سابیر،٢٠٠١، ١٢) ئەمەش وایکردوە کە فەیلەسوفان بکەونە ژێر ڕەخنەی توندی لێکۆڵەرەوان و

بیرمەندان، چونکە پێیان وایە ناتوانرێت لە ڕێگای هۆکارێکەوە هەمو ڕوداوە مێژوییەکان شرۆڤە بکرێن.( ئەلمەلاح، ٢٠١١، ١٠)

لە ڕاستیدا زۆرجار مێژونوسانیش دەکەونە ژێر کاریگەری فکرو ئایدیای فەیلەسوفان سەبارەت بە بەڕێوەچونی ڕوداوە مێژوییەکان لە چوارچێوەی یەك هۆکاردا، ئەوەی لێرەدا مەبەستە کەمال مەزهەر وەکو مێژونوسێك چۆن لە هۆکاری ڕوداوەکانی مێژوی ڕوانیوە؟ ئەو هۆکارانە چین، کە لە نوسینەکانی ناوبراودا درکیان پێدەکرێت؟ ئایا ناوبراو یەکێك بوە لەو مێژونوسانەی کە هۆکارێك بکاتە پێوەر بۆ ڕودانی ڕوداوە مێژوییەکان؟ یاخود کەوتوەتە ژێر فکر و ئایدیای هیچ کامێك لە فەیلەسوفان؟ ئایا ئەو فکرە و ئایدیایەی هەیبوە وایکردوە نوسینەکانی بخاتە خزمەتکردن بەو فکرەی هەیەتی سەبارەت بە هۆکاری پشت ڕوداوەکان؟ هەوڵدەدرێت ئەو پرسیارانەو چەندان پرسیاری هاوشێوەی ئەوانە بۆ دەرخستنی لێکدانەوەی فەلسەفیانە بۆ مێژو لای کەمال مەزهەر تیشکیان بخرێتەسەر.

### باسی یەکەم: لێکدانەوەی ماددیانە بۆ مێژو

ئەم لێکدانەوەیە کە بە ماتریاڵی یاخود ئابوری ناوی هاتوە، لەلایەن چەند فەیلەسوفێکەوە تیۆریزە کراوە، بەڵام فەیلەسوفی بەناوبانگ کارل مارکس (Karl Marx ١٨١٨_١٨٨٣) بەسەرمەشقی ئەم لێکدانەوەیە دادەنرێت (صبحي، ١٩٩٤، ٢١٩؛ عەبدلکەریم، ٢٠٠٩، ١١١)، شایەنی باسە ناوبراو هۆکاری ئابوری بە هۆکاری جوڵانەوەی مێژو دەزانی، هەروەها مێژوی مرۆڤایەتی دابەشکردوە بۆ پێنج قۆناغ، قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی و کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی، قۆناغی سەرمایەداری، دواقۆناغیش سۆشیالیزم یاخود کۆمۆنیزم. (موفتەخەری، ٢٠٢٢، ٥٥) شیاوی ئاماژەیە مارکس باوەڕی بە خەباتی چینایەتی هەبوە، کە لەگەڵ گۆڕانی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، چینەکانی کۆمەڵگا خەباتدەکەن، تاوەکو ژیانیان بەرەو باشتر بچێت، بۆ نمونە لە سیستەمی دەرەبەگایەتی جوتیاران دژی دەرەبەگەکان تێکۆشانیان کردوە، دواتر لە سیستەمی سەرمایەداری چینی پرۆلیتاریایە (کرێکارانی کەرتی پیشەسازی) دژی سەرمایەدارەکان خەباتیان کردوە، دیارترین نمونەش شۆڕشی ئۆکتۆبەرە لە ڕوسیا (١٩١٧) (سبیزکین، بێ ساڵی چاپ،٢٤٢).

جێگەی ئاماژەیە، سەرهەڵدانی بیری مارکسی لە باشوری کوردستاندا بۆ سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردو دەگەڕێتەوە، بۆ نمونە لە شاری کۆیە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری شارەکە کۆمەڵەی بەلشەفیکیان پێکهێنا (فەتح الله، ٢٠١٨، ٤٩)، بەتایبەت دوای سەرکەوتنی (شۆڕشی ئۆکتۆبەر١٩١٧)[i]، چونکە سۆڤیەت بانگەشەی نەتەوە ژێر دەستەکانی دەکرد تاوەکو خەبات دژی چەوساندنەوەی ئیمپریالیزم بەرپابکەن، بەجۆرێك خۆی بە داکۆکی کاری نەتەوە ژێردەستەکان دەزانی، بەم شێوەیەش دەیەویست جێپێی خۆی لەناو گەلانی ناوچەکەدا بکاتەوە، کە دواتر کاریگەری لەسەر گەلانی دەوروبەر دانا. (عومەر، ٢٠١٩، ٥٨-٥٩)

پێویستە بێینە سەر کرۆکی بابەتەکە، ئەویش لێکدانەوەی مارکسیانەیە بۆ مێژو لای کەمال مەزهەر، شیاوی ئاماژەیە، لەم باسەدا تیشك دەخرێتە سەر بۆچونەکانی کەمال مەزهەر سەبارەت بە لێکدانەوەی مارکسیانە بۆ مێژو، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدەدرێت وەڵامی دو پرسیار بدرێتەوە، یەکێك لەوانە چۆن لەململانێی چینایەتی و هۆکاری ئابوری دەڕوانێت لە ئاراستە کردنی ڕوداوە مێژوییەکان؟ پرسیاری دوەم خۆی دەبینێتەوە لەوەی باوەڕی چۆن بوە سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئایا پێیوابوە ئەو شۆڕشە سودی بۆ کورد هەبوە، یاخود بەپێچەوانەوە، ئایا ناوبراو بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری لە بیروبۆچونەکانی دروستبوە، سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر؟

پێوستە سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کەمال مەزهەر یەکێکە لەو مێژونوسانەی، کە باوەڕێکی تەواوی بەلێکدانەوەی مارکسیانە بۆ مێژو هەبوە، هەروەکو خۆی لە دیدارێکدا دەڵێت**"مرۆڤێکم کەڵك لە بیروبۆچونی مارکسیزم وەردەگرم، چونکە بیروبۆچونێکی زۆر گەورەیە"**. (قرگەیی، ٢٠١١، ٤٣) شایەنی باسە کەمال مەزهەر باوەڕی بە خەباتی چینایەتی هەبوە، بەڵام پێیوایە ئەم خەباتە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، لە کۆمەڵگایەکی وەکو کورد کە هەمو چینەکانی بەدەرەبەگیشەوە چەوساوە بونە، جیاوازە لە کۆمەڵگایەکیتر، بۆیە پێویستە هەموویان لە خەباتدابن، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، (زەنگەنە، ٢٠٠٩، ٤٣-٤٤) لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی بەوە هەیە کە زۆر جار مێژو خۆی دوبارەدەکاتەوە، بۆ نمونە ئەو شۆڕشە بورجوازیانەی کە لە سەدەی شازدەو نۆزدە لە ئەوروپا ڕویانداوە لە ڕوی هۆکارو دەرەنجامەوە لێکنزیکن، هۆکاری چەوساندنەوە و ژیانی قورسی ئابوی وایکردوە خەبات بکەن، لە کۆتاییدا بونەتە هۆکاری ئەوەی جوتیار لە کۆتوبەندی دەرەبەگی ڕزگاری بێت. (ئەحمەد، ١٩٨٣، ١٢)

جگەلەوە کەمال مەزهەر وتارێکی هەیە، بە ناونیشانی (سەرمایەداری و بازرگانی بە بەندەوەکردن) سەبارەت بە سەرمایەدار و کۆیلایەتی، لەم وتارەدا زۆر بەباشی شرۆڤەی قۆناغەکانی پێشکەوتنی لایەنی ئابوری دەکات، وەکو فکرەکەی مارکس هەر لە سەرەتاوە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی و کۆیلایەتی و دواتر دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری دەخاتەرو، تیایدا باسی کاریگەری پێشکەوتنی لایەنی ئابوری دەکات، لەسەر مرۆڤەکان بۆ نمونە دەنوسێت: **"وەك ئەزانین مرۆڤایەتی ئێجگار زۆر لەمێژە بەندەو بەندەیی لە ژیانی خۆیا دیوە. هەر پاش ئەوەی چەردەیەك گەشەکردن لە ژیانی ئادەمیزادی سەرەتاییدا پەیدابو و ئادەمیزاد قۆناغی کۆمۆنەیی بەجێهێشت و فێری دارایی تایبەتی بو و جیاوازی لە داراییدا لەنێوان ئەم و ئەوا پەیدا بو، سیستەمی بەندەییش سەریهەڵدا کە بەپێی مێژو، لە چاو کۆمۆنەیی یە پاشکەوتوەکەی ژیانی ئادەمیزادی پێش ئەو مێژوەدا هەنگاوێك بو یۆ پێشەوە"** (ئەحمەد، ئەیلولی ١٩٨٥، ١٠٦_١١٦)

لایەنێکی دیکە ئەوەیە کەمال مەزهەر هۆکاری ئابوری لە هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی کورد بە هۆکارێکی گرنگ دادەنێت، بۆنمونە کاتێك باسی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٥ دەکات، لایەنی ئابوری و بارودۆخی خراپی کوردەکان و ئەو باجانەی بەسەریاندا سەپاوە بە هۆکارێکی کاریگەر دەزانێت بۆ هەڵگیرسانی ئەو ڕاپەڕینە، بەهەمان شێوە کە باسی ڕۆڵی کورد دەکات لە شۆڕشی بیستدا هۆکاری ئابوری بەکاریگەریەکی بەهێز دادەنێت، بۆ نمونە ئەو باجانەی کە ئینگلیزەکان وەریانگرتوە، کاریگەری خراپی لەسەر بژێوی ژیانی خەڵك هەبوە. (ئەحمەد، ١٩٨٥، ٧٩، ١٧٩) ئەوەی باسکرا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم بو، پرسیاری دوەم، کە پەیوەندیدار بو بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، وا بەباشدەزانرێت بۆ ڕونکردنەوەی ڕایەکانی کەمال مەزهەر سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەرو و مەسەلەی کورد، دابەشی سەر سێ قۆناغ بکرێت.

قۆناغی یەکەمی فکرەی کەمال مەزهەر لەساڵی حەفتاکاندا، کە ئەو سەردەمە سۆڤیەت دەسەڵات و هێزێکی زۆری هەبوە، لەو سەردەمەدا کەمال مەزهەر باوەڕی وابوە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر گەورەترین ڕوداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهانی بوە، سەرەتایەکی گۆڕانکاری گەورەبوە، بۆ هەمو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، میللەتی کوردیش یەکێکە لەو میلەتانە، کە شۆڕش لەیەکەم ڕۆژی لەدایکبونیەوە هەوڵی داوە کێشەی نەتەوایەتی کورد لەسەر بنچینەیەکی دیموکراسی چارەسەربکات. (ئەحمەد، ١٩٧٠، ٤، ١٠)

شایەنی باسە کەمال مەزهەر دەیەوێت لە چەند لایەنێکەوە گرنگی و بایەخی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە سەر کورد دەربخات، یەکێك لەو لایەنانەی کە تیشکی خستۆتەسەر کوردانی ڕوسیان، ئاماژە بەوە دەکات لەدوای شۆڕشی

ئۆکتۆبەرەوە کوردانی ئەوێ و بەتایبەت باسی ئەرمینیا دەکات کە لە خۆشییەکی یەکجار زۆردا ژیاون، بەتەواوەتی لەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوریانەی هەیان بوە ڕزگاریان بوە، (احمد، ١٩٧٢، ٢) هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کورد یەکێك بونە لەو کەمایەتییە نەتەوەییانەی لە ڕوسیا ژیاون، بەر لە شۆڕش زۆر دواکەوتو بونە، بە جۆرێك کە باوەڕناکرێت مەلایەکیشیان لەناودا هەڵکەوتبێت، بەڵام شۆڕش وایکرد بە جۆرێك پێشبکەون کە سەدەیەك بەساڵێك ببڕن، لە لایەنی خوێندن و پەروەردەوە زۆر پێشکەوتن، (ئەحمەد، کانونی یەکەمی ١٩٧٠، ٦) دەرفەتی خوێندن زیاتر بۆ کورد ڕەخسا، لەم بارەیەوە سەبارەت بە (عارەبی شامۆ) کە یەکێکە لە نوسەرە کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت، دەنوسێت**"تەنها دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕێگەی فێربون و گۆڕانی ڕاستەقینەی بۆ تەخت ئەبێت"**. (احمد، ١٩٧٣، ٨)

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە ئاماژەی بۆ کردوە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆتە هۆکاری ئەوەی کوردستان لە داگیرکاری ڕوسیا بپارێزرێت، ئەوە سەرباری ئەوەی هەمو توانای خۆیان بەکارهێناوە بۆ پشگیریکردنی نەتەوە ژێردەستەکان، ئەو جگەلەوەی شۆڕش، ڕێککەوتننامەی (سایکس_پیکۆ)ی ئاشکرا کردوە، کە لە نێوان (روسیا و فەرەنساو بەریتانیا) لە ساڵی ١٩١٦دا بەسترابو، کە تیایدا ڕێککەوتبون لەسەر دابەشکردنی کوردستان. (ئەحمەد، ١٩٧٠، ٥-٦)

لەلایەکی ترەوە کەمال مەزهەر پێیوایە سۆڤیەت کاری ئەرێنی کردۆتە سەر کورد، لە دوای شۆڕش سۆڤیەت تاکە وڵات بوە کە سەرکردە کوردەکان، پەنایان بۆ بردوە، یەکێك لەوانەی کە باسی دەکات شێخ محمودە لە ترسی ئینگلیزەکان پەنای بۆ سۆڤیەت بردوە.( ئەحمەد، ١٩٧٠، ٩) وادەردەکەوێ وابەستەبونی کەمال مەزهەر بە فیکرەی مارکسی و سەرسام بونی بە سۆڤیەت لەڕوی نوسینەوەی مێژوییەوە دوچاری هەڵەی کردبێت، لەم ڕوانگەوە ناوبراو دوچاری ڕەخنەی جددی بۆتەوە، چونکە ئەوەی ناوبراو باسی دەکات لای هەندێ لە مێژونوسی کورد جێگەی پەسند نییە، تەنانەت پێیانوایە پێچەوانەی ڕاستیە مێژوییەکانە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە دواتر کەمال مەزهەر بۆچونەکانی گۆڕانکاریان بەسەرردادێت بەتایبەت دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت، کە لە دواتر دا باسی دەکەین.

لەم بارەوە نەوشیروان مستەفا (١٩٤٤-٢٠١٧) ڕەخنەی لە بەشێکی مێژونوس و نوسەرانی کورد (بە کەمال مەزهەریشەوە) گرتوە، کە لە باسکردنی کاریگەری ئەرێنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر کورد کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای مارکسیەوە، ناوبراو پێیوایە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر زیانی زۆری بۆ کورد هەبوە، ئەوە سەرباری ئەوەی سۆڤیەت هەر لەسەرەتاوە گرنگیان بە کورد نەداوە، تەنانەت لەسەرەتادا کە بانگەوازیان بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات دەکرد داوایان لە گەلانی فارس و تورك و عەرەب و هیند دەکرد تاوەکو دژی ئیمپریالیزم ڕاپەڕن و داوای مافی خۆیان بکەن، لەو بانگەوازەدا ناوی زۆر میللەت هاتوە، بەڵام باسی کورد نەکراوە. (ئەمین، ٢٠٠٧، ٢٦٣) کوردۆ عەلی دەنوسێت**" لەو بانگەوازەدا نێوی ١٢ میللەت هێنراوە بەڵام نێوی کورد لە کولەکەی تەرپشدا نەهاتو"**. (عەلی، ٢٠٠٩، ٥٢)

سەرباری ئەوانەش ئەوەی سۆڤیەت بانگەشەی بۆ دەکرد، کە پشتگیریکردنی گەلانی ماف خوراو، زیاتر لە چوارچێوەی پروپاگەندەدابوە، چونکە لە ساڵی١٩٢١ز دا ڕوسیا پەیمانی لەگەڵ ئێراندا بەستوە، لەچەند خاڵێك ئاماژەبەوەکراوە کە ئاسایشی ناوخۆ بپارێزرێت. (ئەمین، ٢٠٠٧، ٢٦٥_٢٦٦) هەروەها سۆڤیەت لە ساڵی١٩٢٠زدا پشتگیری دانپێدانانی بۆئەتاتورك ناردوە، هاوکاری تورکەکانیان کردوە لە ساڵی ١٩٢١ز پەیماننامەی دۆستانەی لەگەڵدا مۆرکردونە، بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی کورد لە تورکیا لە بەرچاو بگرێت. (عەلی، ٢٠٠٩، ٥٦)

ئێمە پێمانوایە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەردوك دەوڵەتی تورکیاو ئێرانی لە لەناوچون پاراستوە، ئەگەر شۆڕش ڕوینەدابایە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەم دو دەوڵەتە یان لەناودەچون یاخود دەبونە دو دەوڵەتی بچوك، ئەمەش وایکرد

کوردستان بکەوێتە ژێر دەستی وڵاتانی وەکو تورکیا ئێران عێراق سوریا، کە ئەم وڵاتانە بە بەراورد بە وڵاتە ئیمپریالیستەکان زۆر دواکەوتو بون، بۆیە گەر وانەبوایە و بەپێی سیاسەتی ڕوسیای پێشو بوایە، کە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا ڕێککەوتێ بون، کوردستان دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی ئەوروپا، بە گوتەی هەندێ توێژەری کورد لە نمونەی نەوشیروان مستەفا و سەروەر عەبدولرەحمان هەرچۆنێك بێت ژیانکردن لە ژێردەستی ئەوانە باشترە و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لەژێر دەسەڵاتی ئەوانە ئاسانتر بەدیدێت. (ئەمین، ٢٠٠٧، ٢٦٨؛ عومەر، ٢٠١٩، ٦٤-٦٥)

دوای ئەو ڕونکردنەوانەی کران بابێینەوە سەر قۆناغی دوەم لە ڕاوبۆچونەکانی کەمال مەزهەر، سەبارەت بە سۆڤیەت و شۆڕشی ئۆکتۆبەر، شیاوی ئاماژەیە لە ساڵانی هەشتاکاندا، بەڕادەیەکی زۆر گۆڕانکاری بەسەر ڕاوبۆچونەکانیدا هاتوە، یەکێك لەو نمونانەی کە پێشوتر خرایەڕو کەمال مەزهەر باسی ئەوەی دەکرد کە کوردانی سۆڤیەت دوای شۆڕش لە هەمو کێشەو گرفتەکانیان ڕزگاریان بو، بەتایبەت ناوچەکانی ئەرمینیا زۆر خۆش ژیاون، بەڵام لە وتارێکی تریدا کە هی ساڵی هەشتاکانە باسی خراپی بارودۆخی کودانی ئازربایجان دەکات، لەم بارەیەوە دەڵێت**"کە دەگەیتە ناوچە کوردەواریەکانی ئازەربایجان. لێرە یەکسەر هەمو شتێك ئاوەژو دەبێتەوە، جلوبەرگ و خوێندن و ئێزگەو ڕۆژنامەی کوردی دەبنە ئاواتە نەهاتوە دییەکان"**. (ئەحمەد، ٢٠٠١أ، ٤٢٦) شایەنی باسە لە پێشوتر هیچ باسی بارودۆخی خراپی کوردانی سۆڤیەتی نەدەکرد، کە دەکرا ئەوکات باسی بکات، بەڵام باسی نەکردوە، بەڵام بێگومان دواتر بیروبۆچونەکانی گۆڕاوە کە لە دواتر دا ئاماژەی پێدەکەین.

سەرباری ئەوە باسی سیاسەتی ستالین دەکات، کە سیاسەتێکی زۆر توندی پەیڕەوکردوە، بەجۆرێك توندڕەو بوە کە هیچ شتێکی جگەلە توندوتیژی نەزانیوە، کوردەکان ناخۆشی و نەهامەتییەکی یەکجار زۆریان چەشتوە بەدەست سیاسەتە نارەواکانی ستالینەوە، بەتایبەت کوردی ئازربایجان لە ناخۆشییەکی زۆردا ژیاون، بارودۆخیان خراپ بوە و دەربەدەرکراون، تەنانەت ڕۆشنبیرانیش نەیان توانیوە خۆیان لە زوڵمەکانی ستالین بپارێزن، یەکێك لەوانە عارەبی شامۆیە، کە ناوبراو کەوتۆتە بەر سیاسەتە بەزەبرەکەی ستالینەوە، بۆ ماوەی پازدە ساڵان زیندانیکراوە.(ئەحمەد، ٢٠٠١أ، ٤٢٦، ٤٢٨-٤٢٩) لێرەوە دەردەکەێت پیشوتر کەمال مەزهەر خۆی لەو زانیاریانە نەداوە و، تەنانەت باسی ئەوەی دەکرد کە عارەبی شامۆ تەنها دوای شۆڕش دەرفەتی خوێندنی بۆ ڕەخساوە.

ئەوانەی باسکران دەریدەخەن کە گۆڕانکاری زۆر بەسەر دیدو بۆچونەکانی کەمال مەزهەردا هاتوە، بە جۆرێك لە ساڵانی حەفتاکاندا تەنها باسی لایەنە جوانەکانی ئەو ڕوداوانەی کردوە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سیاسەتی سۆڤیەتی باش پیشاندابن، بەڵام لێرە ئەوەی خرایەڕو دەریدەخەن لەپشت ئەو زانیاریانەوە کۆمەڵە زانیاریەکی تر هەبونە لەوکاتەدا باسیان لێوەنەکراوە، ئەمەش بابەتیبونی کەمال مەزهەر دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بێگومان ئەوەش ڕەنگە کاریگەری و هۆکاری خۆی لە پشت بێت، کە لە داهاتودا کەمێك گەنگەشە لەسەر ئەوهۆکارانە دەکرێت.

یەکێکی تر لەو قۆناغانەی ماوە باسی لێوە بکرێت، قۆناغی سێیەمە لە بیروبۆچونەکانی کەمال مەزهەر لە ساڵانی دوهەزارەکان، کە ئەوکات سۆڤیەت ڕوخاوەو نەماوە، لەو سەردەمەدا کەمال مەزهەر تەواو پێچەوانەی ساڵانی پێشوتر بیردەکاتەوە، سەبارەت بەشۆڕشی ئۆکتۆبەرو سۆڤیەت، لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکان باسی ئەوە دەکات هەڵەی گەورەی یەکێتی سۆڤیەت و لینین کە خۆشی دانی پێداناوە ئەوە بوە، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەرپاکردوە، چونکە مارکس و ئەنگلس پێیانوابوە شۆڕش لە وڵاتێکی پێشکەوتوی وەکو ئینگلتەرا بەرپادەبێت نەوەکو وڵاتێکی دواکەوتوی وەکو ڕوسیا،

هەر ئەمەش بوە هۆکاری ئەوەی کە لینین دەرگا بە ڕوی کارگە سەرمایەدارەکاندا بکاتەوە، چونکە لەڕوی ئابوریەوە پێویستیان پێیبو، دوای لینین کە ستالین هات کەسێکی یەکجار توندڕەوبو. (قرگەیی، ٢٠١١، ٦٧)

جگەلەوە لە دیدارێکی تریشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە شارێکی وەکو مۆسکۆدا خەڵکانێك هەبون ماڵیان نەبوە، هەروەها شوقەیەك کە لە پێنج ژو پێکهاتیبو درابو بە پێنج خێزان، بەهەر پێنج ماڵەکەش تەنها یەك جەرەسیان هەبوە، لە سەری نوسراوە گەر ماڵی فلان کەست دەوێت ئەوە ئەوەندە جەرەسە لێبدە، بەهەمو ئەو خێزانانەی لەناو ئەو شوقانەشدا دەژیان یەك تەوالێتیان هەبوە، باسی ئەوە دەکات ئەوە مۆسکۆ بو کە زۆرباش بو، سەبارەت بە باکۆ زۆر خراپتر بوە. (زەنگەنە، ٢٠٠٩، ٤٧) هەر بەڕاست گەر مۆسکۆ بەم جۆرە بوبێت چۆن کوردەکان لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا پێشکەوتونە وەکو پێشوتر دەیگوت: سەرجەم گرفتە ئابوری وکۆمەڵایەتییەکانی کورد لەژێر سایەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کۆتاییهات؟ وا دیارە لەو قۆناغەدا کەمال مەزهەر گەنج بوە و سەرسامی سیستەم و پێشکەوتنە مادییەکانی سۆڤیەت بوە، بەڵام دواتر ئەو سەرسامییەی کاڵ بۆتەوە و نەماوە.

سەربارى ئەوانەش لە چاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شۆڕش بو بە هۆکاری نەگبەتی تەنها بۆ کورد، بەڕوخانی سۆڤیەتیش زۆربەی گەل و نەتەوەکان زیانیان بەرکەوت تەنها کورد نەبێت، کە بەهۆی ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە سودی پێگەیشت، چونکە سۆڤیەت وەکو بەربەستێك وابو بۆ کورد، بۆتە هۆکاری ئەوەی کورد بکەوێتە نێوان دوبەرە سۆشیالیزم وسەرمایەداری، بە ڕوخانی سۆڤیەت ئەو بەربەستە نەما. (زەنگەنە، ٢٠٠٩، ١٨١-١٨٢)

سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر دیدو بۆچونی کەمال مەزهەردا هاتوە، بەر لە هەمو شتێك کەمال مەزهەر تاکە مێژونوس نەبوە، کە کەوتبێتە ژێر کاریگەری بیری مارکسی، بەڵکو لەوسەردەمەدا چەندان مێژونوس و دەسەڵاتداری سیاسی کەوتونە ژێر کاریگەریەکانی بیری مارکسی. (حەمەد، ٢٠٢٤، ٧٧_٨٤) سەربارى هەمو ئەوانەش پێوستە کاتێك بابەتێك لێکدەدرێتەوە کات و شوێن لە بەرچاوبگیرێت، ئێمە کاتێك بۆچونەکانی لێکدەدەینەوە دەبێت ئەوە بزانین کەمال مەزهەر بۆ ماوەی دە ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت بوە، بۆ خوێندن لەوێ کورسی خوێندنی بۆ دابینکراوە، (ئەحمەد، ٢٠٠١أ، ٥٦٤) هەروەها نمەکی ئەو وڵاتەی کردوە، سەربارى ئەوانەش ژیانی هاوسەرگیریشی پێکهێناوە و ژنێکی ڕوسی هێناوە، (ئەحمەد، ١٣-٦-٢٠٢٥) بێگومان ئەوانە ڕۆڵ وکاریگەری یەکجار زۆریان هەبوە لە سەر کەمال مەزهەر. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ناوبراو کاتێك وابیری لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کردۆتەوە تەنها تەمەنی 33 ساڵان بوە، بۆیە لەوتەمەنەشدا مرۆڤەکان زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری ڕوداوەکانی دەوروبەریان، کە سۆڤیەت لەو سەردەمەدا بەهەمو لایەکدا بانگەوازیان بڵاودەکردەوە کە هاوکاری نەتەوە ژێردەستەکان دەکەن، ڕەنگە ئەوانەکاریگەری خۆیان هەبوبێت. جێگەی ئاماژەیە یەکێك لە سیفەتە جوانەکانی کەمال مەزهەر ئەوە بوە هەر کاتێك درکی بە هەڵەی خۆی کردبێت بێ دودڵی پەشیمان بۆتەوە، بۆ نمونە لە بابەتی موشیری حەمەی سلێمان، کە سەرەتا بە خیانەتکار ناویبرد، کە یارمەتی ئینگلیزەکانی داوە لەو شەڕەی لە نێوان ئینگلیزەکان و شێخ محمودا ڕویدا لە ١٩١٩دا ، بەڵام دواتر کە بۆی دەرکەوت بێ تاوانە داوای لێبوردنی کرد. (ئەحمەد، ٢٠٠١أ، ٢٠٢-٢٠٣)

جگەلەوە خوێندن لە وڵاتێکی وەکو سۆڤیەت کە شۆڕشێ ئۆکتۆبەری تێدا ڕویداوە، ناوەندی سۆشیالیزم بوە، هەروەها وەکو ناوەندکی خوێندیش کاریگەریان لە سەر هەبوە، واتە لە دو لایەنەوە وەکو وڵات هەم وەکو ناوەندنی خوێندنی کاریگەری زۆریان لەسەر کەمال مەزهەر دروستکردوە، ئەوە سەربارى ئەوەی ئەو خوێندکارانەی لە یەکێتی

سۆڤیەت بونە، دەبو بەر لەوەی کۆرسی ئەکادیمی بخوێنن پێویست بو چەند کۆرسێکی زمان بخوێنن، سەرباری ئەوەش نزیکەی بۆ ماوەی ساڵێك فەلسەفەی هزری مارکسیزم و لینینیزم وەکو میتۆد و توێژینەوە دەخوێندرا. (حەمەد، ٢٠٢٤، ٧٧، ٨٣) هەروەها دەبو لەناو نوسینەکانیاندا ئاماژە بەو فەلسەفەیە بکەن، (قادر،٢٠٢٥، ٥-٩) جگەلەوە خوێندن لە وڵاتێکی کۆمۆنیست و تێکەڵبون لەگەڵ کەسانێك کە بیرو هزریان بە کۆمۆنیست تۆقکراوە، کاریگەریان لەسەر دەبێت، سەرباری ئەوانەش کەمال مەزهەر خۆشەویستیەکی زۆری بۆ گەلی کورد هەبوە، ڕەنگە پێیوابوبێت سۆڤیەت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرد کە هاوکاری گەلانی چەوساوە دەکات، بەڵێنکەی بهێنێتەدی و هاوکاری کورد بکات، تاوەکو بگات بە ئامانجی خۆی، بۆ خۆشی لەدیدارێك دا دەڵێت**"وامزانیوە ڕێگەی کۆمۆنیزم باشترین ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی کورد"** (قرگەیی، ٢٠١١، ٢٧)

**باسی دوەم: لێکدانەوەی ئاینیانە بۆ مێژو**

لێکدانەوەی ئاینیانە بۆ میژو، یەکێکە لە لێکدانەوە کۆنەکان، بەواتای شرۆڤەکردنی ڕوداوەکان دێت لە چوارچێوەی بنەما و پرەنسیپەکانی ئاینێکی دیاریکراودا، شیاوی ئاماژەیە سەرەتا مرۆڤ شیکردنەوەیەکی ئەفسانەی بۆ ڕوداوە مێژوییەکان هەبو بەجۆرێك لەترسی دیاریدە سروشتیەکان و بێ دەسەڵاتی بەرامبەر سروشت وایکرد دیاریدەکانی وەکو لافا و هەور و ڕۆژ بپەرستی، دوای ئەوانەش مرۆڤ پەنایبردەبەر دروستکردنی چەند ئاینێك، ئەوەی شایەنی باسە ئاینە زەمینییەکان و ئاسمانییەکانیش هەریەکەیان تێڕوانینیان بۆ مێژو جیاوازە، سەبارەت بە سەرەتای دروستبونی مرۆڤ و بەرێوەچونی گەردون و کۆتایهاتنی دونیا، بەڵام لە نێوان ئاینە ئاسمانییەکان، سەبارەت بە سەرەتا و کۆتای گەردون و هۆکاری دروستکردنی گەردون خاڵی هاوبەشی زۆر هەیە. (عەبدولکەریم، ٢٠٠٩، ٣٢-٤٥)

سەبارەت بە لێکدانەوەی ئاینیانە بۆ مێژو لای کەمال مەزهەر، لە ڕاستیدا ناوبراو یەکێکە لەو مێژونوسانەی باوەڕی بە لێکدانەوەی ئاینیانە بۆ مێژو نییە، وەکو ئەوەی بەشێك لە فەیلەسوفانی مێژو هەمو ڕوداوەکان دەگەڕێننەوە بۆ کاریگەری ئاین، بەڵام ئەوە بەمانای ئەوە نایە ناوبراو باوەڕی بە کاریگەری ئاین نەبێت لە ڕوداوە مێژوییەکان، بەڵکو باوەڕی وابوە کە ئاین هەندێك جار کاریگەری خراپی هەبوە، لە ڕوداوە مێژوییەکان، هەندێك جاریش بەپێچەوانەوە ڕۆڵ و کاریگەری باشی بینیوە ، بۆ ڕونکردنەوەی ئەو بابەتە چەند نمونەیەك دەخەینەڕو.

کەمال مەزهەر کاتێك باسی سەرەتای هاتنی ئیسلام دەکات، کە چۆن کاریگەری باشی هەبوە تاوەکو کورد گرنگی بە خوێندەوارکردنی خۆیان بدەن، لەم بارەیەوە دەنوسێت**" وادیارە بەهۆی ئاینی ئیسلام و پێویستی یەکانی یەوە خوێندن و خوێندەواریی بە ناو کوردا بڵاوبونەوە. لەوە دەکات هەر ئەو سەردەمەش کوردستان مێژونوسی بە خۆیەوە بینیبێت، مێژونوسەکانی بەڕاستی کەڵە و لێهاتو بون. ئەوانیش بە دەستوری زۆربەی هەرە زۆری مێژونوسانی جیهانی ئیسلامی ئەو ڕۆژگارە لە سنوری پێڕەوی ئیسلامەتی و زوبانی قورئان دەرنەچون"**. (ئەحمەد، ١٩٨٣، ١٠٠) هەروەها باسی بایەخ و گرنگی فێرگە ئاینیەکانی کردوە، لە پێگەیاندنی و ڕۆشنبیرکردنی چەندان ڕۆڵەی کورد. (ئەحمەد، ١٩٧٨، ٥٠)

جگەلەوە کەمال مەزهەر باسی سیاسەت و ئاین دەکات کە دوای دروستبونی دەوڵەت تێکەڵ بەیەکتر بونە لەم بارەیەوە دەنوسێت**"ئاینی عیسایی و دەوڵەت تێکەڵ بەیەك بون و پاش ماوەیەکی کەم پاپای وا پەیدابو دەشیا لە سیاسەتبازیدا ببێتە مامۆستای دەیان میر و پاشای ڕۆژگارخۆی. پێغەمبەری خۆشمان، درودی خوای لێبێ، هەر لە یەکەم ڕۆژی هەڵهاتنی خۆری ئیسلامەتییەوە توند توند سیاسەت و ئاینی پێکەوە بەست......"**. (ئەحمەد، ١٩٨٥، ٩٢)

سەباری ئەوانەی باسکران ڕۆڵ و کاریگەری ئاین لە هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی کورد، بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەنێ، هەرچەندە بەتاکە هۆکاری دانانێت بەڵکۆ هۆکارەکانیتریش وەکو لایەنی کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتی و لایەنی ئابوریش دەخاتەڕو، بە تایبەت کاتێك باسی هۆکارەکانی ڕاپەڕینی 1925ز دەکات لە کوردستانی تورکیا بەسەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران، ئاماژەی بەوە کردوە کە لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاین هۆکارێکی کاریگەر بونە لە هەڵگیرسانی ئەو ڕاپەڕینە. (ئەحمەد، ١٩٩٦، ٦)

سەرەڕای ئەوانەش کەمال مەزهەر باسی کاریگەری خراپی ئاین دەکات، لە ئاراستەکردنی ڕوداوە مێژوییەکان، کە ڕۆڵ و کاریگەری خراپی لە سەر کورد بەجێ هێشتوە، بۆنمونە لە کتێبی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا)، کاتێك باسی کوشتاری ئەرمەن دەکات، ئاین بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنێت کە وایکردوە کورد و ئەرمەن لێکدوربخاتەوە، چونکە کوردو ئەرمەنەکان لەڕوی ئاینەوە جیاواز بونە، ئەوەش وایکردوە ئاغاکانی کورد ئەرمەنەکان بچەوسێننەوە، هەروەها بەهۆی فەتوادانی مەلاکان و پیاوانی ئاینی کە خەڵکیان هاندەدا بۆ کوشتنی کافران، ئەمە بۆتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ کوشتاری ئەرمەنەکان. (ئەحمەد، ١٩٧٥، ٩١، ٩٧-٩٨، ١٢٠)

کەمال مەزهەر باسی ئەوە دەکات لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا سوڵتانی عوسمانی چۆن لەڕێگای ئاینەوە توانیویەتی کوردەکان هەڵخەڵەتێنێت، (ئەحمەد، ١٩٧٥، ٥١) بەناوەی ئەوەی شەڕی کافرانە، کوردەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە، بەشێکی زۆری کوردەکان بەسەرکردایەتی شێخ محمود بۆ هاوکاری عوسمانیەکان بەچەکی خۆیان بەرەو ناوچەکانی باشوری عێراق بەڕێکەوتون بۆ شەڕکردن دژی ئینگلیزەکان. (ئەحمەد، ٢٠٠١أ، ١٤-١٥) لەم نمونانە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کەمال مەزهەر لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بەلێکدانەوەی ئاینیانە بۆ مێژو نەبوە، بەڵام هۆکاری ئاینیشی لە ئاراستەکردنی ڕوداوەکان پێشتگۆی نەخستوە، بەڵکو زۆرجار بە هۆکارێکی کاریگەری داناوە لە ئاراستەکردنی ڕاڕەوی مێژو.

## باسی سێیەم: لێکدانەوەی جوگرافیا بۆ مێژو

لێکدانەوەی جوگرافیا بۆ مێژو، بریتییە لە لێکدانەوە لە ڕوداوە مێژوییەکان بەهۆی کاریگەری جوگرافیا، جا چ ئاو و هەوا بێت یان بەرزی و نزمی هەڵکەوتەی شوێنی وڵات لەسەر دەریا یان وشکانی، لەم ڕوانگەیەوە بەشێکیان باسی کاریگەری کەش و هەوا دەکەن، واتا ڕادەی گەرمی و ساردی و مامناوەندی کەش و هەوا، بە تاکە هۆکار دەزانن لە سەر مرۆڤ و ڕوداوە مێژوییەکان، یەکێك لەوانەی باوەڕی بە کاریگەری کەش و هەوا هەیە، ئیبن خەلدونە(١٣٣٢_١٤٠٦)، ناوبراو پێیوایە کە باکوری سارد و باشوری گەرم و ناوەڕاستی مامناوەند، کاریگەریان لەسەر توانای مرۆڤ هەیە، بەجۆرێك خەڵکی ناوچە ساردەکانی بەلاوە ئازا و بەهێزترن لە چاو ناوچەی گەرمەکان، خەڵکی ناوەڕاستیش مامناوەندن لەڕوی هزر و جەستەوە. (الملاح، ولاخرين، ١٩٨٨، ٩٩)، سەرەڕای ئەوانە بەشێکی تر لە فەیلەسوفانی مێژو هەڵکەوتەی جوگرافیا دەکەنە پێوەر و تاکە هۆکار بۆ لێکدانەوەی مێژو، کە کاریگەری لەسەر خودی مرۆڤەکان دەبێت، واتە بە جۆرێك بەپێی ناوچەی بەرز و نزم و دەشتایی و دۆڵەکان و ناوچە کەناراوییەکان، بڕیار لە سەر کۆی مێژو دەدەن و گشتاندنی بۆ دەکەن، بەپێی ئەو دابەشکارییە مێژوی جیهان شرۆڤە دەکەن. (گۆمەتاڵی، ٢٠٢١، ١٥٨-١٥٩)

سەبارەت بە هۆکاری جوگرافیا و کاریگەریەکانی بەسەر مێژووەوە لە کتێبە مێژوییەکانی کەمال مەزهەر، ئەوە بەدیدەکرێت ناوبراو باوەڕێکی زۆری بەکاریگەری جوگرافیا بە سەر مێژووەوە هەبوە، هەروەکو خۆی لەم بارەیەوە

دەڵێت**"باری جوگرافیی شوێن بەدرێژای بونی ئادەمیزاد کاری کردۆتە سەر ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵ و مەودای بڵاوبونەوەیان و خێرایی بەرەوپێش چونیان"**. (ئەحمەد، ١٩٨٣، ٩)

سەبارەت بە جوگرافیای کوردستان پێیوایە جوگرافیا کاریگەریەکی خراپی کردۆتە سەر کورد، چونکە ناوچەیەکی ستراتیجی و پڕبایەخ بوە، بۆ وڵاتە زلهێزەکان و هەمیشە چاویان لەسەر ناوچەکانی کوردستان بوە، تاوەکو شوێن پێی خۆیان لەو ناوچەیەدا بەهێز بکەن، چونکە کوردستان سەباری ئەوەی خاوەن شوێنێکی ستراتیژی بوە، لە هەمان کاتدا ناوچەیەکی دەوڵەمەند بوە بە سامانی سروشتی، ئەمەش وایکردوە بەتایبەت وڵاتانی (بەریتانیا، ئەڵمانیا، ڕوسیا، فەرەنسا) هەمیشە هەوڵبدەن بۆ دەستبەسەرداگرتن خێرو بیری کوردستان، ئەمانەش وایانکردوە کوردستان بێتە بەشێك لە جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەوە سەرباری ئەوەی پرسی نەوت یەکێکە لە پرسە گرنگەکان کەوایکردوە وڵاتان زیاتر هەوڵبدەن تاوەکو دەستیان بگاتە کوردستان، لەوانەش بەریتانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە خاك و سامانی سروشتی ناوچەکانی کوردستان چەندان گەڕیدەی ناردوە تاوەکو لێکۆڵینەوەکانیان بکەن و دواتر سودیان لێوەربگرن بۆ دەستبەسەرداگرتنی کوردستان. (ئەحمەد، ١٩٧٥، ٢، ١٠، ١٥-١٦) لە دیدی کەمال مەزهەر لەڕویەکی تریش هەڵکەوتەی جوگرافیا کاریگەری زۆر خراپی لە سەر مێژوی کورد هەبوە، چونکە هەڵکەوتەکەی وابوە وەکو شوێنێکی داخراو دێتەبەرچاو بە هیچ لایەکدا بەڕوی دەریادا نەکراوەتەوە، هەرئەمەش وایکردوە کاریگەری کردۆتە سەر ئەوەی دەوڵەتی کوردیش دروست نەبێت، بۆیە پێی وایە جوگرافیا زوڵم لە کورد کردوە. (زەنگەنە، ٢٠٠٩، ١٧٧)

لایەنێکی تر ئەوەیە کە کەمال مەزهەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە کاریگەری باشی جوگرافیا دەکات، بۆ نمونە باسی ئەوە دەکات کاتێك فڕۆکەکانی ئینگلیز هێرش دەکەنە سەر شێخ محمود، لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٣٠ز دا بەهۆی سەختی کەشوهەواوە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم هێرشی فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆ سەر شێخ دروستبوە، کە کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی فڕۆکەکان هەبوە، هەروەها شاخ و داخەکانی کوردستان کە شێخ کردبونیە پەناگە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئینگلیزەکان نەتوانن وابەئاسانی شەڕی لەگەڵ بکەن. (ئەحمەد، ٢٠٠١أ، ٦٩، ٩٣)

ئەوەی جێگەی سەرنجە کەمال مەزهەر زۆر بە ڕەشبینی سەیری جوگرافیای کوردستانی کردوە، کە وای سەیرکردوە بۆتە هۆکاری نەگبەتی بۆ نەتەوەی کورد، ئەمە پیشوتر خرایەڕو، لەگەڵ ئەوەی سەرنجەکانی لەجێگەی خۆیەتی و بەهۆی سروشتەکەی ناوچەکانی لێکدابڕاون و بەڕوی دەریادا نەکراوەتەوە، (زەنگەنە، ٢٠٠٩، ١٧٧) بەڵام لە ڕاستیدا جوگرافیای کوردستان کاریگەریە باشەکانیشی کەم نیە لەسەر کورد، هەروەکو خۆی ئاماژەی بۆ سودی شاخ و داخی کوردستان کردوە، لەکاتی پێکدادانەکانی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان، (ئەحمەد، ٢٠٠١أ، ٩٣) ئەوەی ڕاستی بێت هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان لە دێر زەمانەوە کاریگەری باشی کردۆتە سەر کورد، بۆ نمونە لە سەردەمی میرنشینەکان هەڵکەوتەی جوگرافیا هۆکارێکی گرنگ بوە، کە وایکردوە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆیان هەبێت، بۆ ماوەیەکی دورو درێژ دەسەڵاتیان بمێنێتەوە، شایەنی باسە دەوڵەتەکانی سەفەوی و عوسمانیش درکیان بەو گرنگیە کردوە، هەر ئەمەش وایکردوە بە دەسەڵاتی میرنشینەکان ڕازی بن، چونکە ئەوەیان باش زانیوە گەربێت و دەسەڵاتیان لێوەربگیرێتەوە، ئەوا دەبنە ناوچەیەکی یاخی و دەتوانن سود لە شاخەکان و ئەشکەوتەکان وەربگرن بۆ بەرگریکردن. (ئەسکەندەر، ٢٠٠٤، ٤٨-٥١)

لەسەردەمەکانی دواتریش ئەشکەوت و شاخەکان هەمیشە بۆنەتە پەناگە، بۆ بەرگریکردن لە خاك، ئەوەی لای هەموان ڕونەو مێژویەکی نزیکە لێمانەوە لە سەردەمی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا (بەتایبەتی لەسەردەمی

کۆماری (١٩٥٨-٢٠٠٣) هەمیشە پێشمەرگە سودی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان وەرگرتوە، تاوەکو بەرگری لە خاکەکەی بکات، گەر شاخەکانی کوردستان نەبونایەو کوردستان خاوەنی ئەو سروشتە نەبوایەو دەشتای بایە، ئەوە پێشمەرگە نێچیرێکی زۆر ئاسان دەبو بۆ حکومەتی عێراق، شایەنی باسە کە تاوەکو سەردەمی ئەمرۆشمان ئەشکەوتەکانی کوردستان لە لایەن پەکەکەوە بۆ بەرگریکردن بەکاردێت.

**باسی چوارەم: لێکدانەوەی پاڵەوان بۆ مێژو.**

ئەم لێکدانەوەیەش مێژویەکی دێرینی هەیە ، چونکە لە چاخە کۆنەکاندا خەڵکی مێژویان لە چاوی کەسایەتییە سیاسی و سەربازیەکانەوە دەبینی، لە ڕاستیدا بە درێژایی مێژو بۆچونی جیاواز هەیە، سەبارەت بە دروستکەری ڕوداوە مێژوییەکان، ئایا تاك یاخود کۆمەڵ دروستکەری ڕوداوە مێژویەکانن؟ واتە ئەوەی ڕوداوە مێژوییەکان دروستدەکات تاکە یاخود کۆمەڵگایەو بە کۆی گشتی ئەندامانی کۆمەڵگا ئەو ڕوداوە مێژوییانە هاتونەتە بون؟ ئایا پاڵەوان کوڕی ڕۆژگارەکەی خۆیەتی؟ یان پاڵەوان بۆخۆی دروستکەری کۆمەڵگا و سەردەمەکەی خۆیەتی؟ بەشێك لە فەیلەسوفان باوەڕیان وایە پاڵەوان دروستکەر و بنیادنەری هەمو ڕوداوە مێژوییەکانە. (ئەلمەلاح، ٢٠١١، ٢٢١-٢٢٢)

توماس کارلیل (١٧٩٥_١٨٨١) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی باوەڕێکی تەواوی بە بونی پاڵەوان هەیە، لە بەڕێوەبردنی ڕوداوە مێژوییەکان، پێیوایە ئەوەی هەیە لە ناو مێژودا هەموی بەرهەمی پاڵەوانە، (شەریعەتی، ٢٠١٦، ١٤٨) هەروەها ماکس فیبەر(١٨٦٤_١٩٢٠)، یەکێکی ترە لەوانەی کە داکۆکی لە بونی پاڵەوان دەکات لە ڕوداوە مێژوییەکان، (الزيدي، ٢٠٠٦، ٧٣) فەیلەسوفی ئەمریکی سیدنی هۆك (١٩٠٢_١٩٨٩) لەم بارەیەوە پێی وایە کاتێك بارودۆخێکی نەخوازراو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، لەو کاتەدا خەڵکی چاوەڕوانن کەسێك بیت و ڕزگاریان بکات، ئەو کەسەی ئەو ڕۆڵە دەبینێت لە چاوی خەڵکەکە دەبێتە پاڵەوان. (گومەتاڵی، ٢٠٢١، ١٤٠-١٤١)

سەبارەت بە لێکدانەوەی پاڵەوان لە دیدی کەمال مەزهەردا، ڕاڕەوی مێژو گەلێك گەورەیە و بە تاکە کەسێك نابرێت بەڕێوە، چونکە ناوبراو چەپ بوە، لە دیدی مارکسی دا تاك زۆر گەورە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە پالەوان مرۆڤێکە کاردەکاتە سەر ڕوداوە مێژوییەکان، لە چوارچێوەی کۆمەڵدا، بۆ نمونە کاتێك باسی ناپلیۆن دەکات، بەوە وەسفی دەکات کە کەسێکی بە توانا بوە، بەڵام گەر بێتو ناپلیۆن لە کۆمەڵ دابڕێنین و ببەینە بیابانەکانی ئەفریقا یاخود سەر لوتکەی ئێڤرستی هیمالایە هیچی پێنەدەکرا. (ئەحمەد، ١٩٨٣، ١٤-١٥)

سەبارەت بەوەی ئایا پاڵەوان دروستکەری ڕۆژگارە یاخود کوڕی ڕۆژگارەکەی خۆیەتی؟ کەمال مەزهەر سەبارەت بەم پرسە پێی وایە پاڵەوان کوڕی ڕۆژگارەکەی خۆیەتی نەك دروستکەری ڕۆژگار بێت، بۆ نمونە باسی محمد عەلی دەکات ئاماژە بەوە دەکات گەر نەهاتبایە بۆ میسر و هەر لە ئەلبانیا مابایەوە کە لەوێ پیشەی توتن فرۆشتن بوە، ئەوا لێهاتوییەکەی لە توتن فرۆشتندا خۆی دەنواند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەوە دەکات بێگومان سەرکردەو سەرداری بەتوانا دەوری گەورە دەگێڕن لەناو مێژودا. (ئەحمەد، ١٩٨٣، ١٦)

ئەوەی پەیوەندیدارە بەوەی ئایا پاڵەوان کەسێکی ئاسییە؟ کەمال مەزهەر کاتێك باسی شیخ سەعیدی پیران ڕابەری شۆڕشی ١٩٢٥ز دەکات، ئاماژە بەوە دەکات ڕۆڵی ڕابەری بینیوە، کەسایەتیەکەیو زیرەکیەکەی هاوکاری بوە لەم ڕوەوە، (احمد،٢٠٠١ب،٣٣) هەروەها لە دیدارێکدا کاتێك باسی پێشەوا قازی محمد(١٨٩٣_١٩٤٧) و بارزانی (١٩٠٣_١٩٧٩) دەکات، ئاماژە بەوە دەکات ئەوانە کەسانێکی زۆر گەورەبونە بۆ ڕۆژگاری خۆیان، (قرگەیی، ٢٠١١، ٥٤-٥٥) ئەو نمونانەی باسکران ئەوە دەردەخەن ناوبراو باوەڕی بە ڕۆڵی پاڵەوان هەبوە، بەڵام لە چوارچێوەی کۆمەڵ و بە

گوێرەی ڕۆژگار شیکردنەوەی بۆ ئەم بابەتەکردوە، بەڵام باوەڕی بەلێکدانەوە پاڵەوان نییە بۆ مێژو وەکو ئەوەی فەیلەسوفەکان باسی دەکەن، هەموشتێك بۆ پاڵەوان دەگەڕێننەوە.

**باسی پینجەم: لێکدانەوەی ڕەگەزپەرستی بۆ مێژو.**

ئەم لێکدانەوەیە بریتییە لە باڵا دەستکردنی ڕەگەزێك بەسەر ڕەگەزێکی ترەوە، بەجۆرێك سیفەتە بۆماوەییەکان لەڕوی جەستەو ڕەنگی پێست دەکەنە پێوەر بۆ جیاوازی ڕەگەزی، ڕەگەزی باڵا پێیوایە کە لە ڕوی جەستەو ئەقڵەوە باڵاترە لە ڕەگەزەکانی تر، خۆیان بە سەرمەشق دەزانن بۆ پێشخستنی ڕاڕەوی شاریستانیەت،(ئەلمەلاح، ٢٠١١، ٢١٤) شایەنی باسە لەناو یەك ڕەگەزیشدا چینی باڵا و ژێر دەستە هەیە، ئەم بیرۆکەیە هەر لەسەردەمە زۆر کۆنەکانەوە هەبوە، بۆنمونە لە سەردەمی بابلیەکان بە پێی یاسای حامورابی کۆمەڵگەی بابلی دابەشکرد بە سەر سێ چیندا (خانەدانەکان، ئازادەکان، کۆیلەکان). (گومەتالی، ٢٠٢١، ١٦٢) شایەنی باسە لە سەردەمی نوێشدا پرچی کاڵ و چاوی کاڵ و پێستی سپی کرانە پێوەر بۆ باڵا دەستکردنی هەندێك گەل و نەتەوە بە سەر گەل و نەتەوەکانی تردا. (ئەلمەلاح، ٢٠١١، ٢١٥)

شیاوی ئاماژەیە بەشێکی زۆری فەیلەسوفان گوزارشتیان لە بیرۆکەی ڕەگەزپەرستی کردەوە، دیارترینیان کە بە باوکی تیۆری ڕەگەزپەرستی دادەنرێت، (ئارثر دی گۆبینۆ١٨١٦_١٨٨٢) لە کتێبەکەی (یەکسان نەبونی ڕەگەزە مرۆڤایەتییەکان)دا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەگەزەکان جیاوازن و ڕەگەزی سپی پێست خاوەنی شارستانیەت و، داهێنانە و نابێت بە هیچ جۆرێك خۆی تێکەڵ بکات لە گەڵ ڕەگەزەکانی تر، چونکە توانای داهێنانی کەم دەبێتەوە. (گومەتالی، ٢٠٢١، ١٦٤-١٦٥)

ئەم جۆری بیرۆکەی ڕەگەزپەرستیە لە وڵاتانی ئەوروپا پشگیری زۆری لێکراوە، بە تایبەت لەلایەن سەرکردەی ئەڵمانیای نازی هیتلەر کە بە یەکێك لەو سەرکردە سیاسیانە دادەنرێت، پێی وابوە ئەڵمانەکان خاوەنی ڕەگەزێکی پیرۆزن، ئەوان دەتوانن شارستانیەت بنیاد بنێن، بە جۆرێك دەبێت گەلانی تری دونیا لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بەڕێوە ببردرێن.(طحطح، ٢٠٠٩، ٥٤-٥٥)

سەبارەت بە تیۆری لێکدانەوەی ڕەگەزپەرستی لای کەمال مەزهەر، شایەنی باسە یەکێك لە هۆکارەکانی نوسینەوەی مێژوی کورد، خۆشویستنی بوە بۆ گەل و نیشتیمانەکەی، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە ناوبراو ڕەگەزپەرست بوبێت، چونکە لە هیچ کامێك لە کتێب و وتارەکانی ناوبراوادا هەست بەوە ناکرێت هەوڵیدابێت بە شێوەیەکی ڕەگەزپەرستانە مێژوی کورد تۆماربکات و کورد زاڵبکات بەسەر گەل و نەتەوەکانی تردا، بەڵکو هەوڵیداوە کوردیش لە ئاستی نەتەوەکانی تر دابێت، بۆنمونە کاتێك باسی ئافرەتی کورد دەکات، ڕەخنە لەو گەڕیدانە دەگرێت کە زیادە ڕەویان کردوە لەوەی زۆر بە سەر ئافرەتی کوردیاندا هەڵداوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئافرەتی کوردیش سەرباری ئازادیەکەی بەڵام لە زۆر لایەنەوە بێ ماف بوە. (ئەحمەد، ١٩٨١، ٧٤-٧٦) لەم بارەیەوە دەڵێت**"ئافرەتی کورد نەهیچی لە کەس زیاترەو نەهیچیشی لە کەس کەمترە"**. ( ئەحمەد، ١٩٨١، ٧٦)

لە ڕاستیدا یەکێکیتر لە ئامانجەکانی نوسینەوەی مێژوی کورد لای کەمال مەزهەر، بریتییە لە ڕاستکردنەوەی ئەو لاپەڕە شێواوانەی مێژو کە لە لایەن مێژونوسە ڕەگەزپەرستەکانەوە نوسراونەتەوە، کە هەریەکی بەلای نەتەوەی خۆی شکاندویەتیەوە، لەم بارەیەوە ڕەخنەی توندی لێگرتونە، یەکێك لەوانەی ڕاپەڕینی ١٩٢٥ی تورکیایە، کە کتێبێکی تایبەتی هەیە سەبارەت بەم ڕاپەڕینە کە زۆر بەتوندی ڕەخنە لە مێژونوسە کەمالیستە ڕەگەزپەرستەکان دەگرێت، کە لاپەڕەکانی مێژوی ئەو ڕاپەڕینەیان شێواندوە. (احمد، ٢٠٠١ب، ٥-٦، ٦٦، ٦٨) سەباری ئەوەش ڕەخنەی لە کاربەدەستانی عیراق

گرتوە کە ڕەگەزپەرست بونەو کوردیان چەوساندۆتەوە و مافەکانی گەلی کوردیان پێ ڕەوانەبوە، بەتایبەت لەساڵانی 1930ز دا. (ئەحمەد، ٢٠٠١أ، ٤٩٤)

ئەوەی جێگەی سەرنجە کەمال مەزهەر تەنها ڕەخنەی لەو مێژونوسە بێگانانە نەگرتوە، کە ڕوداوە مێژوییەکانیان بەلای گەل ونەتەوەکانی خۆیاندا شکاندۆتەوە، بەڵکو ڕەخنەی توندی لەو مێژونوسە کوردانەش گرتوە، کە هەستی نیشتمان و نەتەوەی بەسەریاندا زاڵبوە، بۆنمونە کاتێك باسی حوسێن حوزنی دەکات، لەگەڵ ئەوەی بە مێژونوسێکی گەورەی کوردی دادەنێت، بەڵام ڕەخنەشی لێدەگرێت کە هەستی نەتەوایەتی بەسەریدا زاڵبوە، لەم بارەیەوە دەڵێت**"یەکجار دڵسۆز بو، بەڵام زۆر جار مەبەستی ئەو دڵسۆزییەی پەردەیەکی ئەستوری بەسەر بۆ چونەکانیدا دەکێشا، ئەوەی لە پلەی زانستی بەرهەمەکانی کەم دەکردەوە"**. (ئەحمەد، ١٩٨٣، ١٧٢-١٧٣) وادێتە بەرچاو کەمال مەزهەر لەبارەی حوسێن حوزنی موکریانیەوە پێکابێتی، چونکە لە نوسینەکانی ناوبراودا دەرك بەوەدەکرێ لەژێر کاریگەری لێکدانەوەی نەتەوەییانە بۆ مێژو بوە، بەوپێیەی سەردەمەکەی ئەوەی خواستوە.(کریم، ٢٠٠٩، ١٢٧)

## ئەنجام

لە ئەنجامی خوێندنەوەو خستنەڕوی بیروبۆچونەکانی کەمال مەزهەر سەبارەت بە هۆکاری پشت ڕوداوەکان بە چەند دەرەنجامێك گەیشتین:

١-کەمال مەزهەر بەشێوەیەکی گشتی باوەڕی بە زۆربەی هۆکارەکانی پشت ڕوداوەکان هەبوە لە ئاراستەکردنی مێژو، چونکە لەو زانیاریانەی خرانەڕو ئەوە بەدیکرا کە ناوبراو لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بە لێکدانەوەی مارکسی هەبوە، بەڵام ڕۆل و کاریگەری ئاین و جوگرافیاو پاڵەوانیشی لەبەرچاو گرتبو.

٢- شیاوی ئاماژەیە لەناو نوسینەکانی کەمال مەزهەر بەشێوەیەکی بەرچاو درك بە لێکدانەوەی مارکسیانە بۆ مێژو دەکرێت، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی زۆر جار بکەوێتە لێکدانەوەی هەڵە بۆ ڕوداوە مێژوییەکانی گەلی کورد.

٣-کەمال مەزهەر پێیوایە هەندێك جار ئاین کاریگەری باشی هەبوە، کە لە ڕێگای مەلاو مزگەوتەکانەوە چەندین کورد پێگەیەندراون، بەڵام زۆرجار دەسەڵاتداران بە تایبەت عوسمانیەکان توانیویانە لەڕێگای ئاینەوە کورد لەخشتەبەرن.

٤- لە دیدی کەمال مەزهەردا جوگرافیای کوردستان کاریگەری نەرێنی لەسەر چارەنوسی دۆزی نەتەوەیی کورد جێهیشتوە، بەهۆکارێکی لە هۆکارەکانی نەهامەتی بۆ خەڵکەکەی و دروستنەبونی دەوڵەتی نەتەوەیی زانیوە .

٥- بەدیدی ئەو تاک بەتەنها ڕۆڵێکی چالاک لەناو ڕوداوەکاندا ناگێڕیت، بەڵکو ڕۆڵی وابەستەی کۆمەڵگە و کاری هاوبەشە، واتە لاوازکردنی ڕۆڵی تاک وەک پاڵەوان لە دروستکردن و هەڵسوراندنی ڕوداوەکاندا.

٦- یەکێك بوە لەو مێژونوسانەی دژی لێکدانەوەی ڕەگەزپەرستی بوە بۆ مێژو، ئەمەش هەڵقەڵاوی و زادەی بۆچونی مرۆڤ دۆستی و باوەڕبونە بە خەباتی ڕەوای گەلان.

## لیستی سەرچاوەکان

ئەحمەد، کەمال مەزهەر، (١٩٧٥)، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

ئەحمەد، کەمال مەزهەر، (١٩٧٨)، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد.

ئەحمەد،کەمال مەزهەر، (١٩٨١) ئافرەت لەمێژودا (کورتە باسێکی مێژویی و کۆمەڵایەتی)، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

ئەحمەد، کەمال مەزهەر، (١٩٨٣)، مێژو کورتە باسێکی زانستی مێژو و کوردو مێژو، بەیاریدەی ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، بەغدا.

ئەحمەد، کەمال مەزهەر، (١٩٨٥)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی گەلی کورد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی الادیب البغدادیة، بەغدا.

ئەحمەد، کەمال مەزهەر، (٢٠٠١أ)، چەند لاپەڕیەك لە مێژوی گەلی کورد، ، بەرگی دوەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ئەسکەندەر،سەعد بەشیر، (٢٠٠٤) سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشنی لە کوردستان، و:جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

ئەلمەلاح،هاشم یەحیا، (٢٠١١) دەروازەیەك لە فەلسەفەی مێژو لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لە فەلسەفەی میێژو، و: دەوەن حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (٢٠٠٧)، کوردو عەجەم مێژوی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕون، سلێمانی.

حوسێن، موحسین محەمەد، (٢٠١١) سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

رەحمانیان، داریوش، (٢٠١٦) فەلسەفەی مێژو((چەردەیەك لە سەر دەستەواژەی فەلسەفەی مێژو، بنەماکانی زانستی مێژو))، و: لە فارسیەوە، جەلیلی موڕادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

زەنگەنە، عەبدوڵلا (ئامادەکار)، (٢٠٠٩)، بستێکی خاکی کوردستان بەهەمو دونیا ناگۆڕمەوە( دیمانە و گفتوگۆ لەگەڵ د. کەمال مەزهەر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان.

سابیر، ڕەحیم، (٢٠٠١) فەلسەفەی مێژو، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

سبیرکین، ڤ. پودوسیتنیك، بێ سالی چاپ، فەلسەفەی مارکسیزم، و: لە عەرەبیەوە جەلال دەباغ، چاپی دوەم، چاپخانەی شڤان، بێ شوێنی چاپ.

شەریعەتی، عەلی، (٢٠١٦)فەلسەفەی مێژو، و: توانا حەمەد ڕەسوڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

عەبدلکەریم، سەلام(وەرگێڕان و ئامادەکردن)، (٢٠٠٩)، دەربارەی فەلسەفەی مێژو...زانستی مێژو، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

عەلی، کوردۆ، (٢٠٠٩)، سۆڤیەت و بزوتنەوەی نیشتیمانیی کورد، چاپی دوەم، چاپخانەی پەخشی حەمدی، بێ شوێنی چاپ.

عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان، (٢٠١٩)، حزبی شیوعیی عیراق و مەسەلەی کورد(١٩٣٤_١٩٧٥) لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی سیاسییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

فەتح الله، جەمال،( ٢٠١٨)، کۆیە ١٨٩٨-١٩١٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی سیاسییە، بێ شوینی چاپ، بێ سالی چاپ.

قرگەیی، زانیار سەردار، (٢٠١١)، د.کەمال مەزهەر ئاوڕێك لە مێژو دەداتەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بێ شوێنی چاپ.

گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم، (٢٠٢١) پوختەی فەلسەفەی مێژو، چاپی دوەم، چاپخانەی نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

موفتەخەری، حوسەین، ( ٢٠٢٢)، بنەماکانی زانستی مێژو، و: بێستون عەبدلکەریم چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگەڵ، تاران.

احمد، کمال مظهر، (٢٠٠١ب)، انتفاضة عام ١٩٢٥ الكردية في تركيا (دراسة تحليلية)، الطبعة الاول، كاوا للنشر والتوزيع، بيروت.

الملاح، هاشم يحيى و لاخرين، (١٩٨٨)، دراسات في فلسفة التاريخ، دار الكتيب الطباعة والنشر، موصل.

الزيدي، مفيد، (٢٠٠٦)، المدخل الى فلسفة التاريخ، دار المناهج، عمان.

النشار، مصطفى، (٢٠١٧)، فلسفة التاريخ نشأتها و تطورها من الشرق القديم حتى توينبى، دار النشر نيوبوك للنشر والتوزيع، القاهرة.

صبحي، أحمد محمود، (١٩٩٤)، في الفلسفة التاريخ، دار النهضة العربية، بيروت.

طالباني، جلال، (١٩٧٠)، كردستان و الحركة القومية الكرية، الطبعة الاول، منشورات النور، بغداد.

طحطح،خاليد فؤاد، (٢٠٠٩)، في الفلسفة التاريخ، الطبعة الاول، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

احمد، کمال مظهر، (کانونی یەکەمی١٩٧٠)، ئۆکتۆبەر و مەسەلەی کورد، برایەتی(گۆڤار)، ژ(٩)، سالی یەکەم_خولی دوەم.

احمد، کمال مظهر، (١٩٧٢)، کام ڕێگە_بەشی یەکەم، بەیان(گۆڤار)، ژ(٢).

احمد، کمال مظهر، (١٩٧٣)، کام ڕێگە_بەشی دوەم، بەیان(گۆڤار)، ژ(٨).

ئەحمەد، کەمال مەزهەر، (ئەیلولی١٩٨٥)، سەرمایەداری و بازرگانی بە بەندەوەکردن، ڕۆشنبیری نوێ(گۆڤار)، ژ(١٠٧).

ئەحمەد،کەمال مەزهەر، (١٧ی ئاداری ١٩٩٦)، نامەیەکی زانستی و چەند سەرنجێکی زانستی تر بەشی دوەم، عێراق(ڕۆژنامە)، ژ(٣٧٤).

حەمەد، پەیوەند محەمەد، (٢٠٢٤)، ڕەنگدانەوەی ماتریالیزمی مێژوویی لەسەر مێژونوسیی کوردی توێژینەوەیەکی شیکاریی چەندێتییە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.
كريم، محمد صباح، (٢٠٠٩)، المؤرخ حسين حزني موكرياني مؤلفاته ومنهجة في كتابة التأريخ (دراسة تحليلية نقدية)، رساله الماجستر، كليه الاداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.
پەیوەندی توێژەر لە ڕێگای نامەی (مەسنجەر)ەوە لەگەڵ ئەحمەد، نەجات مەزهەر، لە ڕێکەوتی ١٣_٦_٢٠٢٥.
پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لە ڕێگای (مەسنجەر)ەوە لەگەڵ قادر، پ.د، جەبار، لە ڕێکەوتی ٥_٩_٢٠٢٥.

## پەراوێزەکان:

شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە ساڵی ١٩١٧ز دا لە ڕوسیا بە سەرکردایەتی لینین ڕویدا، کە گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر ڕوسیادا هات و بەو هۆکارە ڕوسیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی کشایەوە هەمو ئەو ڕێککەوتننامانەی لەگەڵ وڵاتە ئیمپریالیستەکان کردبوی هەڵیوەشاندەوە. (طالباني، جلال، ١٩٧٠، ٥١_٥٢). [i]